**خەڵك لە دەوری دووهەمی نمایشی هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەمی رژیم بەشداری نەکرد**

بە پێی ڕاپۆرتەکان، لە ناوخۆی ئێران و ووتەی ئەو شاهیدانەی لە سەر سندووقەکانی دەنگدان ئامادە بوون زۆربەی سەر سندووقەکان و ناوەندەکانی دەنگدان خەڵکی لێ نەبووەو تەنانەت هەواڵدەریەکانی رژیمی ئاخوندیش نەیانتوانیوە ڕاپۆرتی وێنەیی و فیلم بلاو بکەنەوە کە دەری بخا، خەڵك لە دەنگدان بەشداریان کردوە.

بە پێی هەواڵەکان لە زۆربەی ناوەندەکانی دەنگدان لە تاران ژمارەی دەنگدەران لە ژمارەی قامکەکانی دەست زیاتر نەبوون.

بە پێی هەواڵەکان بەرپرسانی رژیمی ئاخوندی لە سەعاتەکانی سەرەتای دەنگدان هەوڵیاندەدا بە هەر شێوەیێك کە بکرێ ژمارەییێك کەس بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بەلام لە هەوڵەیان سەرکەوتوو نەبوون.

ئاخوند رەفسەنجانی سەرۆکی ناوەندی قازانجەکانی رژیمیش ئیعترافی بەو راستیە کردوە کە خەڵك زۆر بە کەمی لە دەوری دووهەم بەشداری هەڵبژاردنیان کردوە.

بەشداری نەکردنی خەڵك لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەمی رژیمی ئاخوندی جارێکی دیکە بێ پێگەیی رژیمی ئاخوندی لە ناو جەماوەردا دەرخست و سەلماندی کە جەماوەری ئێران ئامانجی سەرەکیان رووخان و لە ناوچوونی ئەو رژیمە سەرەڕۆ و دژی ئینسانیەیە.

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**دەبیرخانەی ناوەندی**

**٧ی بانەمەڕی ١٣٨٦**